# رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس ئیدانە ئەکەن

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی ٧- ٥ – ٢٠١٠ رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە لەباخی عەلی بەگ تایبەت بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان کوبونەیەکیان ئەنجام دا کە تیدا لەو کۆبونەوەیەدا پاش ئەوەی سەبوری خۆیان بۆ کەس و کاری شەهیدی رێگای ئازادیی رادەربرین نارد ، وتو وێژکرا لەسەر دەربرینی هەڵویستی رۆژنامەنوسیانی هەڵەبجە بەرامبەر ئەو ئازاردان و کوشتن و فراردن و سەرجەم ئەو هەلسو کەوتە نامرۆڤایانانەی رۆژانە بەرامبەر رۆژنامەنوسان لەکوردستان ئەکریت لەکۆتایدا رۆژنامەنوسانی بەشداربوو بەدەرکردنی بەیاننامەیەک وەک هەڵویستی سەرەتا دەربری ماڵپەری هەڵەبجە وێنەیەکی ئەو بەیاننامەی بەدەست گەشت.

ئیمە لەماڵپەری هەڵەبجە ئێن فۆ لەگەل ئەوەی کە ئیدانەی سەرجەم ئەودەستدرێژیانە ئەکەین کە رۆژانە دەکرێتە سەر رۆژنامەنوسان داوا لە لایەنی پەیوەندی دار دەکەین کە چیتر گیانی رۆژنامەنوسان ئامانەتێکە لەگەردنیان و بەم جۆرە هەڵسو کەوتانە کە ئەنجام دەدرێت لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر رۆژنامەنوسان نیشانەی گومان لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و ئازادیی رادەربرین دەدەنێت .هیوامان وایە خوێنی شەهیدانی قەلەم و بەهەدەر نەچێت و سەرجەم ئەنجامدەرانی ئەو کارە نامرۆڤایەتیانە بدرێنە دادگاو بەرامبەر لی سەندنەوەی گیانی مرۆڤ لەنوسەریک هەڵوێست وەربگرێت و وێنەی پایتەختی هەرێم چیتر ناشرین نەکرێت لەخوارەوە دەقی بەیاننامەی رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە بخوێنەوە :....

....:

## نابۆ تیرۆری فیکری و جەستەیی...

رۆژنامەنوسێک لێی دەدرێت، کامێرای رۆژنامەنوسێک دەشکێنرێت،هێرش دەکرێتە سەر ماڵی رۆژنامەنوسێک، رێگری لە رووماڵکردنی هەولێک کرا... ئەمانەو چەندین هەواڵ کە بەداخەوە رۆژانە بونەتە هەواڵێکی ئاسایی لە کۆمەڵگاکەماندا، تا دەگاتە لوتکەی درندایەتی کە ئەویش کوشت و لێسەندنەوەی ژیانە لە رۆژنامەنوسێک،کە دوای "سۆرانی مامە حمە" تیرۆکردنی "زەردەشت"یش هەمان هەوڵە.
لە کاتێکدا کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەرێت،دوای ئەنجامدانی دوو هەلبژاردن کە خەڵکی کوردستان چاوڕێی گۆرانکاری وبەرەو پێشچونی کۆمەڵگایەکانن ، هەر لەم کاتەدا لە پایتەختی ئەم ئەزمونەدا و لە شارێکدا کە پرە لە دەزگا ئەمنی وهەولگری جۆراو جۆر رۆژنامەنوسێک بە ئاشکرا دەرفێنرێت و لە مووسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە،کە رفاندن و شێوازی کوشتنەکەشی جێگای گومانە،بۆیە ئێمە وەک رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە بەتوندی ئیدانەی ئەو کارە و هەر رێگریەکی بەردەم کاری رۆژنامەنوسی دەکەین و بە کارێکی نامرۆڤانەی لە قەلًەم دەدەین و دەسەلاتی ئەم حکومەتە بەبەرپرس دەزانین ،داواکارین بە پەلە ئەنجامدەرانی ئەو کارە

ئاشکرا بکرێن و ئاشکرایانە دادگای بکرێن.ئێمە  ئەم کارە بە درێژە پێدەری هێرشەکانی سەر رۆنامەنوسان لە شاری سلێمانی و هەوڵەکانی دەمکوتکردنی رۆژنامەنوسان لە هەولێر و کەرکوک دەزانین.
لێرەوە ئەوەش دەڵێین لەبەر ئەوەی کە ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی خەڵکە بەشخوراوەکەی ئەم وولاتەیە بۆیە تیرۆر تۆقاندن نامانترسێنێت و بەڵکو زیاتر هانمان دەدات بۆ روبەروبونەوەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گشت دیاردە ناشرینە کۆمەلایەتی و سیاسی یەکانی ئەم هەرێمە.بۆیە لێرەوا داواکارین لە رۆژنامەنوسانی کوردستان ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا دەسەلات لەو بارەیەوە رونکردنەوەیەکی رونی نەدا و ئەوا چالاکی سەرتاسەری و رێپێوانی گشتی ئەنجام بدەن.
وێنەیە بۆ:

***سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

***سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

***سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

***سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان**

***داواکاری گشتی**

**رۆژنامەنوسانی هەلەبجە**

**٧ ی ئایاری ٢٠١٠**

**ناوی رۆژنامەنوسە بەشدارەکان :**

١. ابراهیم هەورامانی
٢. ناسیح عبدالرحیم
٣. زانا احمد
٤. کلسوم حسین
٥. سالم حمە خان
٦. رێباز احمد
٧. خەبات نەوزار
٨. شوان سۆسەکانی
٩. اسلان ئیناخ
١٠. چۆمان عوسمان
١١. محمد رەزا
١٢. دلاوەر حیدر
١٣. جیهاد جلال

١٤. سلاح جميل
١٥. كارزان سلام
١٦. سامان انور
١٧. ئارام نجيم
١٨. هانا

www.halabja.info